# سروودێک بۆ تەبایی

ساتیرەشیعری
حەمەسەعید حەسەن

سلاو لە مەغۆل و تەتەر
سلاو لە کوێت و لە قەتەر
سلاو لە لەشکری ئینگلیز
سلاو لە سەربازی مارینز
سلاوی گەرموگوڕی من
لە هۆلاکۆ و لە جەنگیز خان
لە مام وەفیق و کاک میشعان
سلاو لە حەکیم و سەدر
سلاو لە فەیلەقی بەدر
سلاو لە جەنەڕاڵ مود و
لە (بلێر)ی وەچەی تازەی
سلاو لە موجاهیدین و
کۆمۆنیستی هاوئاوازەی
سلاو لە سەرانی هەرێم
سلاو لە پیاوانی ڕژێم
سلاو لەو حیزبە وردانەی
لای (ئەمن) لاقی کورسی بوون
سلاو لەو شێرەکوردانەی
تا نۆی نیسانیش بەعسی بوون
سلاو لەوەی بە ناڕەوا
دەڵێن بانکی (بەترا)ی بڕی
سلاو لەو هەموو مشکانەی
جەواڵی عێراقیان دڕی
سلاو، سلاو،
سلاوی نەوەی شەهیدان
لە چاوساغانی ڕژێمی
کۆقەبر و تونێلەزیندان.

2003. 05. 07